# وتووێژی بەڕێز مامۆستا سەید جەلالەددین حوسێنی لەگەڵ گۆڤاری K21

## بەشی یەكەم

سازدانی دیمانە: احمد صفا



**مامۆستا شێخ جەلالی حوسێنی یەكێك لەكەسایەتیە شۆڕشگێرەكانی رۆژهەڵاتی كوردستانە، پیاوێكی ئایینیە و لەمێژ ساڵە دژ بە رژیمی كۆماری ئیسلامی خەبات دەكات و بۆ مافی نەتەوایەتی گەلەكەی تێدەكۆشێ، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ چەند كەس لەمامۆستایانی هاوبیری لەدوای شۆڕشی سەرانسەری گەلانی ئێران و لەگەڵ دەسپێكی سیاسەتی نامرۆڤانەنە و كوردكوژی كۆماری ئیسلامی (سازمانی خەبات ی كوردستانی)ی دامەزراندووە تایبەتمەندی ئەو رێكخراوەیە لەرۆژهەڵاتی كوردستان ئەوەیە كە یەكەم رێكخراوی سیاسییە كە باوەری بە بنەماكانی ئایینی ئیسلام هەیە بۆ دابین كردنی مافی نەتەوایەتی كورد تێدەكۆشی و دژ بە كۆماری ئیسلامییە تەنانەت جگە لەرووخانی ئەو رژیمە و هاتنە سەركاری نیزامێكی فیدراڵی دیموكرات تەنانەت لەپێرەوەكەشی داهاتووە، كە دانووساندن و گفتگۆش لەگەڵ ئەو رژێمەی رەت كردۆتەوە لەلایەكی تر سازمانی خەبات بە رێكخراوێكی سیاسی دێنی ناژمێردرێ، چونكە مەسەلەی نەتەوایەتی و دەرد و مەینەتی كورد ئەساسی تێكۆشان و خەباتی بەردەوامیەتی لەم قۆناغەدا و زیاتر خۆی بە ئامانجەكانی كۆمەڵەی(ژ.ك) لەساڵانی دووری سەدەی رابردوو دەبەستێتەوە مامۆستا شێخ جەلال حوسێنی لەگەڵ سیاسەتوانیەكەی شاعیرێكی بە توانا و نووسەرێكی زمان پاراو، كوردی زانێكی سەركەوتووە. ئەو لایەنە ئەدەبییەی خەباتی مامۆستا با بۆ دیمانەێكی تر بێت.**

***ئەحمەد سەفا***

***پرسیاری ١ـ ژیانی بنەماڵەی و شوینی لە دایك بوون و خویندن بە گشتی و دەرەجەی خویندن و مەلایەتیمان بۆ باس بكە؟***

وەڵامی ١ـ ناووم جلال الدین حوسەینیە كوڕی خوالێ خۆش بوو زانای خوا پەرست شێخ صالحی واژەیی بەرزنجەییم رۆژی جمعە ٢٦ رەجەبی ١٣٤٦ كۆچی ی مانگی لە گەرەكی خوارووی شاری بانە لە دایك بووم لە شەش حەوت ساڵیدا نراومە بەر خوێندن لە خزمەت باوكی رەحمەتیم دا قورئان و فارسی و بەراییەكانی نەحوو و سەرفم خوێندوە دوای كۆچی باوكم چوومە فەقێیەتی، چی عیلمی لە مەدرەسەكانی كوردستان دەخوێندران من خویندومن لە ناوچەكانی بانە و سەردەشت و موكوریان و مەهاباد و شنۆ و لاجان و پشدەر و مەریوان خوێندومە و ئیجازەی مەلایەتیم لە خوالێ خۆش بوو زانای بە ناوبانگ مامۆستا مەلا باقری مەریوان وەرگرتووە ساڵێك لە ناوچەی بۆكان مەلا بووم دوایی هاتمەوە شاری بانە سەر ئەو مزگەوتە كە باوكی رەحمەتیم تەدریس و ئیمایەتی لێ دەكرد. ٢٤ ساڵ تەدریسم كردوە ناتوانم پلە بۆ خۆم دیاری كەم ئەوەندە دەزانم كە شاگرد و فەقی لێم رازی بوون و تا ئەندازییێك لە ناو مەلایان دا بەر چاو بووم.

***پرسیاری ٢ـ پێوەندی سیاسی و هۆی سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی جەنابت چی بووە؟***

باوكی رەحمەتیم وەك زۆرینەی خەڵكی كوردستان، پەهلەوی و حكومەتەكەی ناخۆش دەوێست بە هەموو بزوتنەوەیێكی چكۆڵەی كوردیش وەك بزوتنەوەی سویسنەكانی بەری سەردەشت دڵخۆش بوو. رووداوەكانی شێخ مەحمودی لە پشتی كتێبان كە نووسییوە بەرێزە وە بە مەلیكی ناو دەبرد و دامت سطوتەی بۆ نووسیوە ئەوە لە سەر دڵی ئێمە شوینەواری كوردایەتی ی دادەنا.

***پرسیاری ٣- میژوی ژ.ك، چونیەتی پیوەندی، شوینی پیوەندی، دەورت لە ژ.ك، ئەو كە سانەی كە دەت ناسین، بیوگرافی ئەو ئەندامانەی كە لەگەڵت بوونمان بۆ باس بكە؟***

كۆمەڵەی ئازادی خوازی كوردستان ١٣١٧كوچی خوری ١٩٣٨زایینی پێك هێندرا بوو لە ١٣٢٠كوچی خوری ١٩٤١زایینی كرا بە كۆمەڵەی ژینەوەی كورد ژ،ك. كومەلە ژ، ك لە سەر چوار كۆڵەكە دانرا بوو، ئیسلامەتی، كوردایەتی، شارستانیەت، سولح و ئاشتی، بە شیوەیێك كە هەموو قانوون و مەرام نامەكانی لەگەل شەریعەتی مقدسی ئیسلام تەتبیق دەكری ئەمجار دەخرێتەكار. كومەلە ژ.ك پر بە پێستی كوردەواری بوو دەی توانی بێ نامۆیی تێكڕای گەلی كورد بهێنێتە ریزی موبارەزە و خەباتەوە بۆ رزگاریی كوردستان و گەلەكەی، چونكە هەمەموو ویستەكانی گەلی كوردی تێدا بوو.

بەهاری ١٣٢٤كوچی ی خوری لە بانەوە چوومە موكریان كە چووم باس هەر باسی كۆمەڵە ژ.ك بوو، بەرێ نوینی ی مامۆستا شیخ عزالدین و خوا لی خۆش بوو حاجی رەحمانئاغای ئیلخانی زادە (موهتەدی) ئامادە بووم بچمە كومەلە ژ، ك وە. لەگەڵ دوو فەقێی رفیقم سید تاهیری شەریفی واژەیی و مەلا صالح خورخورەیی چووینە بۆكان بۆ لای مەلا عبداللەی حەسار باسی كۆمەڵە ژ.ك ی بۆ كردین و حەوت سوێندی داین: سوێند بە خودا و قورئان و پێغەمبەر (ص) و شمشیرەكەی حەزرەتی عومەر و چەند سوێندی تر كە لە بیرم نەماوون، زۆر شادمان بووین كەوتینە دنیاییێكی ترەوە. فەقێیێكی ١٧ ـ ١٨ ساڵە بووم، جۆی لە دڵسۆزی بۆ كورد و بۆ كۆمەڵە ژ.ك و باس كردنی كوردایەتی، هێچ دەورێكی تەشكیلاتی و پێ سپێراووم نەبووە، تەنیا بیوگرافی ی دوو رفیقەكەم دەتوانم بڵەم: سید تاهیری شەریفی دەستی لە خوێندن هەڵگرت دانێشت خەرێكی كاسبی بوو دوایی لە سوێرویی رەبەت مەلا و كەشاوەرز بوو ١٣٣٨ كۆچی ی خۆری كە لە سەرانسەری كوردستان دەوڵەتی شا خەڵكی گرت سەید تاهیریش گیرا و دوای نزیك بە چوار ساڵ بە نەخۆشی ئازاد كرا و دوای سێ چوار ساڵ فەوتی كرد، مەلا صالحی خورِ خورِەییش لە ناوچەی سەقز مەلا بوو رژیمی ئاخوندان زۆریان بۆ هێنا كە هاوكاریان بكا، نەی كرد، ناچار دەستی لە مەلایەتی هەڵگرت و لە سەقز دووكانی دانا واش لە كۆڵی نەبوونەوە لە زیندان دا بە شكەنجە شەهیدیان كرد.

***پرسیاری ٤ ـ بوونی ژ.ك بە حیزبی دیموكرات هۆكەی، روانگەی جەنابت لەو كات دا، لەگەڵ ح د ك كەوتن، چالاكی، هاورێ یانت، شوێن و پلەت لەحیزبدا؟***

ژ.ك نەكراوە بە حیزبی دیموكرات بەڵكو حیزبی دیموكرات دارێژراوێكی تایبەت بوو بە بەرنامەی كوردستان لەگەڵ بەرنامەی تەورێز دەبوو یەك بن. كۆمەڵە ژ.ك رێبازێكی جیاواز بوو لەگەڵ وێستی شوورەویەكان نەدەهاتەوە، من هێچ كات سەر بە حیزبی دیموكرات نەبووم گەنجێكی ١٧ ساڵە بووم وەك زۆران لە قولایی كارەكە و ئاڵوگۆرەكە نەدەگیشتم هەر لە سەر باوەری ژ.ك بووم و چالاكییێكی رەسمیم نەبووە تا شوێن و پلەم ببێ.

***پرسیاری ٥ ـ كاتی پێك هێنانی كۆمار لە كوێ بوویت؟ رات چ بووە؟ لەو یەك ساڵە ی تەمەنی كۆمار جەنابت چكارە بووی؟***

كاتی پێك هاتنی كۆمار لە دێی حەمامیانی بۆكان فەقێ بووم لە بەهاری ٣٥ دا بە فەقێیەتی چوومە مزگەوتی بازاری مەهاباد زۆرم هاتووچووی دەفتەری رۆژنامەی كوردستان دەكرد بۆ لای سید محمدی حەمیدی و مەلا حەسەنی قزلجی، شیعرم دادەنا بۆم دەبردن دەستە شیعریكی سەرەتاییانەیان لە رۆژنامەی ژمارە ٦١ دا بۆ چاپ كردم، هیچ كارە نەبووم

***پرسیاری ٦ ـ رات لەسەر كۆمار و نێك چوونی كۆمار چییە؟***

كۆماری كوردستان مانای گەیشتنی ئەو گەلە بە مافی خۆ بەرێوەبردن، بۆ كەسێك كە خوازیاری ئازادیی گەلەكەی بێ پێك هاتنی كۆمار زۆر خۆشە هیچی ناگاتی بەڵام جەماوەری كوردستان بە مفادی كۆمەڵە ژ.ك دڵخۆش تر بوون و ئەویان بە خۆماڵی تر دەزانی، زۆری پێ نەچوو زۆران لە وانەی كە بە گەرمی لە كۆمەڵە ژ.ك دا هەڵدەسووران پاشەكشەیان كرد بە تایبەت كە لە بەهاری ٢٥ دا هەواڵی كشانەوەی هێزەكانی شوورەویان لە ئازەربایجان بیستبوو كۆماریان بە بێ پشتیوان زانیبوو كە بە هومیدی پشتیوانی ی ئەوان كۆمار پێك هاتبوو، ناهومیدی كەوتبوە دڵی زۆران، تەنانەت هێندێ ئەركانی حكومەتی كۆماریش كەوتبوونە چارەسەری كاری خۆیان. پێشەوای رەحمەتیش لە بیری چارەسەری كاری میللەتەكە دا بوو وەك پێشەوەری نەرۆیشت، چەندی بۆی كرا هەوڵی دا كەس زیان نەبینێ هەرچەند بە بەڵێنی رژیمی شا دڵنیا نەبوو بەڵام پێی وابوو ئەگەر بروا خەڵكیی زۆر لە ناو دەچن پێی نەچوو دژمنی بێ عەهد گرتی و لە دادگای بێداد دا موحاكەمەكرا قارەمانانە وێستا بە ئەندازەیێك كە بەرەجەنگێكی خوێناویی چەند ساڵە ئەوەندە وورەی دژمنی بێ نەدەشكا و خۆی و گەلی كورد ئەوەندە پێی سەربەرز نە دەبوون. روحی خۆی و هەموو شەهیدانی كۆمار شاد.

***

# ناوەندێك بۆ لاوان ( لاوانی خەبات )

سەید كامیل نورانی فەرد

لەگەڵ رەوتی بەجیهانیبوون و سەرهەڵدانی چەمك گەلێكی مودێرن و پێش كەوتووانە شاهیدی ئاڵوگۆری زۆر بەرین و بەرچاو لەرادەی نێودەوڵەتی دا بووینە كە هەركام لەو ئاڵوگۆڕانە رەورەوەی پێش كەوتن و گەشەكردنی ژیانی كۆمەڵایەتی مرۆڤیان بەرەوپێش بردووە. هاتنی چەمكی كۆمەڵگای مەدەنی بۆ ناو ژیانی كۆمەڵایەتی و سیاسی مرۆڤ لەدوای سەرهەڵدانی چاخی رۆشەنگەری و شۆڕشی پیشەسازی لەسەدەكانی ١٧ و ١٨ی زایینی و پاشان رەوتی گلوبالیزم بووە هۆی ئەوەی ئەو چەمكە كە سەرەتا تایبەتی بەشێكی كەمی جیهان بوو پەل وپۆ باوێژێ بۆ سەرانسەری جیهان و ژیانی مرۆڤەكان دەستخۆشی ئاڵوگوری بەرچاو بە لایەنی ئەرێنیەوە بكات. ئەمرۆكە جیهان بە گوندێكی بچوك پێناسە دەكرێ و كەس ناتوانێ لەراست رِوداوو و ئاڵوگۆرەكانی هەركام لەوەڵاتان و ناوچەكانی جیهان بێ دەربەست بێ چونكە راستەوخۆ و ناراستەوخۆ كاریگەری دەبێ لەسەر باقی وەڵات و ناوچەكانی تری جیهان. ئەو هەل و مەرجە حاستی تێگەیشتن و ووشیاری تاكەكانی بەرەوسەر بردووە و تاكەكان ئاگاداری یەكدین و بەو پێیەش سوود لە ئەزموون و هەڵەكانی یەكدی وەردەگرن و هەروەها چاو لەهەڵوێستە باشەكانی یەك دەكەن. تاكە ژێردەستەكان بە بینینی بارودۆخ و ژیانی باقی مرۆڤە سەربەست و ئازادەكان پرسیاریان لا دروست دەبێ، بەدوای وەڵامی پرسیارەكەیان دا وێڵ دەبن، رادەپەرن و چیتر ژێردەستەیی و زەلیلی قەبوول ناكەن و بەدوای دەستەبەر كردنی ژیانی سەربەست و ئازاد دا دەبن. ئەو دژكردەوە و چاولێكەرییە سەرسوورهێنەر نییە، چونكە ویستی سەربەستی و خووخدەی ئازادی ومافخوازی لەسروشت و ناخی هەر مرۆڤێك دا هەیە، بەڵام بە نیسبەت حاستی تێگەیشتن و ورِیایی تاكەكان ئەو هەستە جیاوازە.

ئەو فورمولە گشتگیرە و لەناو سەرجەم تاكەكانی مرۆڤ خۆی دەردەخات. هێندێك كات لەگەڵ ئەوەی كە تاكەكانی كۆمەڵگاییێك لەسەر دەستەبەركردنی ئامانج و مەبەستێك هاورِا و هاورێن بەڵام لەوانەیە بەپێی تایبەتمەندییە جینسی و تەمەنی و پیشەییان ...هتد، خاوەنداریەتی كۆمەڵێك ویست و خولیای تریش بكەن و بۆ دەستخستنی ئەو ویستانە سەربەخۆ هەوڵ بدەن و هێندێك كات لەوانەیە لەگەڵ ئەندامانی تری كۆمەڵگاكەیان كە لەزۆر باردا هاونەزەر و هاوخەباتن لەسەر هێندێك پێكدادانی بیرورا و دژبوونی قازانجەكانیان تووشی ناكۆكی بن كە ئەوەش ئەگەر بە رێچكەییێكی دروست دا نەبردرێ ئاكامی زیانباری بەدواوە دەبێ، بەڵام بە پێچەوانەشەوە ئەگەر بتواندرێ لەكەشێكی تێلۆرانس و حەوانەوە لەبەرچاو گرتنی پرنسیبەكانی دیموكراسی كێشەكان باسی لێوە بكرێ قازانجی لایەنەكان سەریەك بخرێت و بە هاوكاری و هاوفكری یەكدی خاڵە ناكۆك و كۆكەكان بێنەبەر باس و لەهەوڵی دۆزینەوەی رێگەچارەی دروست و ئوسولی دابن، دەتوانین بڵین ئەو كۆمەڵگایە كۆمەڵگاییێكی بەختەوەر و پێش كەوتوو دەبێ. كۆمەڵگاكان دابەش دەبن بەسەر چەندین توێژی جۆراوجۆر و هەر بەو پێیەش لەگەڵ كۆمەڵێك ویست و داخوازی جواروجور بەرەوروو دەبین. لەناو هەر كۆمەڵگاێك دا هەمیشە كۆمەڵێك نوخبە و كەسی ماف ویست بوونە كە بەردەوام بەدوای رەوڵگێران و داواكردنی ماف و هەوڵدان بۆ دەست خستنی ئەو مافانەیان بوونە.

**دیارە لەناو هەر توێژێك باشترین لایەن كە ویستبێتی تەعبیر لە داخوازی و ئارەزووەكان و بەدوای دەستخستن و پارێزگاری لێكردن لەمافەكانیان بوویێتن هەر لەناو توێژی تایبەتی خۆیان سەریانهەڵداوە و بەمجۆرە كەسانی تری ناو توێژەكەیان دوای خویان خستووە و ویست و تێۆری و هەستی سەرەتایی یان كردووە بە وشیاریی و كردەوە و ئیرادەی گۆڕان.**

لەمێژووش دا وێنەی ئەو جۆرە بزووتنەوانە گەلێك زۆر بوونە و شاهید بووینە كە چۆن تواندراوە لەرێكخراوێكی بچووكی لاواز بە تێپەرینی كات شۆڕش و گۆڕانی زۆر گەورە دروست بكرێ و دەسكەوتی بەرچاو بێتە دێ. ئەو توێژەی كە من دەمهەوێ باسی لێوە بكەم توێژێكە كە خاوەن پتانسیلێكی لەرادەبەدەری جوولەیە، بیرومێشكێكی تیژ و وریا، زەرفیەتی زۆری فێربوون و ئەزموون وەرگرتن، خاوەن گرِوتین و پێكهاتەشكێن و بوونی هەستی بە هێزی گۆڕان و چاكسازی و..هتدوایە. لەگەڵ ئەوەش د زیتر رووی قسەم لە رووی لاوی هەست پاك و شۆڕشگێر و وریای كوردە. لاو كورد ئەو توێژەی كە دینامیكی جوولە و گۆڕانە و لەهەموو بەستێنێك دا ئامادەیە و كاریگەری لەسەر روداو و ئاڵوگۆرەكان داهەیە و لەهەمان كاتدا بەو شێوەیەی كە پێویستە سەرنجی پێنەدراوە و زیاتر وەك سوتەمەنی سەیری كراوە و لەمەیدانەكانی تر پشتگوێ خراوە. لاوی كورد ئەو لاوەیە كە خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتمان هەیە و بە درێژایی مێژووی جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلەكەی لەریزی پێشەوەی فیداكاری و گیانبازی دا بووە و ئامادەی هەر نەوعە بەخشینێك بووە.

**لاوی كورد ئەو لاوەیە كە بچووكترین بیانوو دەكا بە راپەڕین و سەرهەڵدان و وەك دڵێر دەرژێتە سەرشەقامەكان و هاواری مافخوازانەی گەلەكەی بەرز دەكاتەوە و بە دژمن دەڵی تا من بمێنم ناهێڵم خەوی خۆش بە چاوانت دابێ و تا وەدیهاتنی مافی زەوتكراوی گەلەكەم كۆڵ نادەم و لەپێ ناكەوم.**

لاوی كورد ئەو كاراكتێرە ئەكتیڤەیە كە دژمن بۆ بەچوكداهێنانی لە هەموو پێلان و ناحەزییێك كەڵك وەردەگرێ و بەرێگەی جۆراوجۆر وەك، دروست كردنی جەوی بێكاری و هێشتنەوەی كۆمەڵگا لە هەژاری و دەسكورتی و بڵاوكردنەوەی مەوادی موخەدیر و دروستكردنی بەسیج و جاش و سەركوت بە بیانووی بێ حیجابی و ..هتد مەبەستە گڵاوەكانی درێژە پێدەدا. ئێستا ئەو پرسیارە دێتەپێشەوە كە ئایا جێگەی خۆی نییە كە زیاتر گرینگی بدرێ بە توێژی لاو و ویست و داوكارییەكانی لەبەرچاو بگیرێ و بۆ كانالیزەكردنی ئەو هێزە زۆرەی بیر و جەستەی زیاتر بەشداری پێ بكرێ؟ بێگومان دەبێ هەل بۆ چالاكی لاوانی كورد خۆش بكرێ و رێگەی زیاتریان پێ بدرێ تا بتوانن لەگەل ئەوەی ژیانێكی باشتر بەسەر بەرن هەست بە بوونی خۆیان و كاریگەرییان لەسەر دەوروبەر بكەن و بۆ خۆیان بە وریایی و وردبینیەوە ئەرك و مافەكانی خۆیان دیاری بكەن و لەپێناوی دا هەوڵ بدەن و خۆیان ماندوو بكەن. بۆیە بە جوانی زەرورەتی دروست كردنی مەكۆیێك بۆ كۆكردنەوەی لاوان لەدەوری یەك و گرینگی پێدانیان لەناوسازمانی خەباتی كوردستانی ئێران لەو قۆناغەی شۆڕش و موبارزە هەستی پێدەكرێ و دەبێ هەموومان هەوڵ بۆ دانانی ناوەندێك كە تەعبیر لە داواكارییەكانی لاوان و دانانی رێنوینی و ئەركەكانی لاوان بكات بدەین.